# خەمۆکی فەیسبوك

[ kurdish – کوردی – كردي ]


لەیلا عەلی عەبدولعەزیز

**پێداچونەوەی** :پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ كآبة الفيس بوك ﴾

« باللغة الكردية »

ليلى علي عبد العزيز

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# خەمۆکی فەیسبوك

ئێستا خێرایی بڵاوبونەوە وایکردووە هەرشتێك یاخود هەر داهێنانێك لەدونیادا بکرێت دەکەوێتە بەردەستی هەموو کەس و دەتوانن بەکاریبهێنن بەشێوەیەك خێرا دەبێتە باو و جێی باس و خواسی خەڵکی و ئەوەی نەیبێت یاخود نەتوانێت بەکاری بهێنێت دەبێتە عەیبە.

ئەمڕۆ زۆر کەس بەتایبەت هەرزەکاران پشت دەبەستن بە بەکارهێنانی تۆڕو ماڵپەڕەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی وەك (فەیسبوك و تویتر) کە هەموو کەس دەتوانێت بەخۆڕایی تێیدا بەشداربێت و بێ بەرامبەر بەکاری بهێنێت بەڵام ئەمانیش وەك هەرشتێکی تر وەك چۆن سودیان هەیە زیانیشیان هەیە، بەتایبەت بەکارهێنانی لەڕادەبەدەرو(ادمان)بوون و خوگرتن پێیانەوە ئاسەواری خراپ و زیانی لابەلای زۆریان لێئەکەوێتەوە ئەوەش هەر لەلایەنی ئەخلاقی و رەفتارییەوە تادەگاتە تەندروستی، ئەوەی کە ئێستا زیاتر باسی لێوە دەکرێ دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەو دیاردەیەیە کە ئەکادیمیای پزیشکی ئەمریکی لە راپۆرتێکی دا بە (خەمۆکی فەیسبوك )ناوی دەبات لەکاتێکدا

مناڵ یان هەرزەکارێك چەند کاتژمێر لەسەریەك لەبەردەم ئەو شاشەیەدا دادەنیشێت و کاتێکی زۆر پێوەی خەریك دەبن دووچاری ئەم نەخۆشییە دەرونییە دەبن. ئەمە جگە لەوەی خودی پەیوەندیەکانیش لەتەمەنێکی هەرزەکاریدا مەترسی خۆی هەیە بەتایبەت کەئێستا لەسایەی ئەم تەکنەلۆژیانەوە هەموو بونەتە هەرزەکار! بەکارهێنەران پێشبڕکێ دەکەن لەوەی کێ هاوڕێی زیاتری هەیە تاوەکو لەو ڕێگایەوە ناوبانگ پەیدابکەن لەکاتێکدا ئەو پەیوەندیانە بەبێ هیچ قەیدو بەندێکە و ئەتوانیت لەم ڕێگایەوە بەئاسانی هەموکەس بناسیت، هەر ئەو پێشبڕکێ بۆ زیاترکردنی هاوڕێ دەبێتە هۆی ئیرەیی بردن و سەردەکێشێت بۆ زۆر شتی تر، وە ئەو کاتە زۆرەی بەسەری دەبەیت لەناو فەیسبوکدا دەبێتە هۆی ئەوەی لەژیانی واقیعی بچیتە دەرەوە بێئەوەی هەستی پێبکەیت کەسێکی تری، دواتر لەژیانی واقیعیدا هەست بەتەنهایی و خەمۆکی دەکەیت.

پێویستە هەموو دایك وباوکێك ئاگادارو چاودێری منداڵەکانیان بن لەمەترسییەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەئاگابن بزانن کە هەرگیز شتێکی ئەمین و ئەمان نییە و پەروەردەی منداڵەکانیان نەدەنە دەست تاوەکو مناڵەکانیان لەدەست نەدەن، برایەکی بانگخواز لە میسر مامۆستای زانکۆیە لە نوسینێکیدا باس لەوەدەکات دەڵێ: مامۆستایەکی هاوڕێی مەسیحیم هەبوو چومە ماڵەکەیان بینیم تەلەفزیۆنیان نییە زۆرسەرم سوڕما کە لەم چەرخی سەتەلایت و هەراو بەزمەدا چۆن تی ڤی یەکی نیە ئەڵێ کاتێك لە هۆکارەکەیم

پرسی لەوەڵامدا وتی: چۆن پەروەردەی منداڵەکانم دەدەمە دەست ئامێرێك! لەکاتێکدا نەزانم چی پەخش دەکات وە بە چ مەبەستێك دەیکات ئەمە ئەو کابرا نەصرانییە وابڵێت ئێمە بڵێین چی کە هەمووی دژی دین و ئەخلاقمانە لەکاتێکدا ئەو بۆ ئامێرێکی تیقی وادەڵێت!

بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە دێینەوە سەرباسی فەیسبوك دەروونناسان دەڵێن هەرکاتێك دایك و باوك منداڵەکەیان لە ژورێکدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەردەم شاشەی کۆمپیوتەر مایەوە ئەوکات دەبێ هەست بەمەترسی بکەن دەبێت تێکەڵی چالاکی تریان بکەن تاوەکو لەخەمۆکی فەیسبوك بەدووربن.

(فەیسبوك) پێگەیەکی یەکترناسینی کۆمەڵایەتییە و لەساڵی ٢٠٠٤دا کراوەتەوە و ژمارەی بەشداربوانی تابێت لە زیادبوندایە بە جۆرێك تاکۆتایی ئەم ساڵ دەگاتە یەك ملیار کەس .